کەمپانیای سەمە: پێویستە سەرجەم کەمپانیاکانی هەرێم نەوت هاوردەستی سەمە بکەن

کەمپانیای بەبازاڕکردنی نەوتی عێراق (سەمە) ڕایگەیاند، پابەندن بە ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ حکومەتی هەرێم بە هەناردەکردنی نەوت و ئەو پێسەیە بە شێوەی ئاسایی بەوودەچێت، سەرمایەی ئاڵنگاریی لۆجیستیەکان و سنورداریی توانای کێگاکردن، دەشێت، "هەرێم پابەندبونی خۆی بە بڕگەکانی ڕێککەوتنەکە نوێ کردوەتەوە، کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە پێویستە هەمو کەمپانیاکانی نەوت لە هەرێم، نەوت هاوردەستی سەمە بکەن".

کەمپانیای سەمە ئەمڕێ یەکشەممە لە ڕاگەیەندراوەکدا بڕاویکردەوە، پابەندن بە ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ حکومەتی هەرێم و بەردەوامن لە هەوڵکانیان بە دەستبەرکردنی بەردەوامی پێسەی بارکردن و پاراستنی ڕەوتی ناردنی نەوتی هەرێم بەبێ وەستان، بە جۆرێک کە بەردەوامی پێسەی هەناردەکردن مسۆگەر بکات، سەرمایەی ئاڵنگاریی لۆجیستیەکان و سنورداریی توانای کێگاکردن و ئەو هوبرانەی ئێستا لە بەندەری جیهانی تورکی لەبەردەستدان.

ئاماژەی بەوەشکرد، وەزارەتی سامانە سروشتیەکانی هەرێم لە چەندین بەندا پابەندبونی خۆی بە بڕگەکانی ڕێککەوتنەکە نوێ کردوەتەوە، کە بەپێی ئەو ڕێککەوتنە پێویستە هەمو کەمپانیاکانی نەوت لە

هەرەم، نەوتە هادەستی سەمە بکەن، جگە لەو بەی بە بەکارهێنانی ناوخەیی لە هەرەم تەرخانکراوە بەگوێرەی حوکمەکانی ڕێککەوتنی تایبەت بەم بابەتە.

کەمپانیای سەمە باسی لەوەشکردوە، کەمپانیای بەبازاڕکردنی نەوت پابەندبونی خۆی بە بنەماکانی شەفافیەت و هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان دوپات دەکاتەوە، بە جۆرێک کە سەقامگیری پێسەکانی هەناردەکردن و بەرژەوەندی گشتی بپارێزێت.